سەرچاوەیەک : نامەکەی واشنتۆن بیرهێنانەوەیەکە بۆ بانگهێشتەکەی پێشووی عێراق بۆ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی



سەرچاوەیەکی دیپلۆماسی: ناوەڕۆکی نامەکەی ئەمەریکا بۆ عێراق "وەبیرهێنانەوەیە" بۆ هەندێک لە بڕگەکانی ڕێککەوتنی ئاسایشی نێوان هەردوو وڵات و "ئاگادارکردنەوەیە" بۆ ژمارەیەک خاڵ لە بانگهێشتنامە فەرمییەکەی حکومەتی عێراق بۆ هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، جگە لە "زانیاری ئەمنی" پەیوەست بە هێرشەکانی ئەم دواییە کە بنکە سەربازییەکانی عێراق و سوریایان کردوەتە ئامانج.